ڕێساکانی هۆشیاری پێشمەرگە

زنجیرە (4)

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

سۆشیال میدیا

کاریگەرییەکان و چۆنێتی مامەڵەکردنی پێشمەرگە



منتدى إقرأ الثقافي

ڕێساکانی هۆشیاری پێشمەرگە

زنجیرە (٤)

سۆشیال میدیا

کاریگەرییەکان و چۆنێتی مامەڵەکردنی پێشمەرگە

بڵاوکراوەی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی راگەیاندن و هۆشیاری
بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی
بەشی/ سەنتەری هۆشیاری

دەستپێك

ئەم زنجیرەیەی بڵاوكراوەی (رێساكانی هۆشیاریی پێشمەرگە) تەرخانكراوە بۆ پرسێكی گرنگ و كاریگەری وەك سۆشیال میدیا، تێیدا تیشك خراوەتە سەر ئەم بابەتە هەستیارە و زانیاری و ڕێنمایی پێویست بۆ چۆنێتی مامەڵەكردن لەگەڵ سۆشیال میدیا دەخاتە بەردەست و دیدەی ئەفسەران و پێشمەرگە ئازیزەكانی كوردستان.

هیوادارین ناوەرۆك، زانیاری و پەیامەكان بگاتە تەواوی ئەفسەران، فەرماندەكان و پێشمەرگەكان؛ بەتایبەتی ئەفسەرانی بەشی هۆشیاری و راگەیاندن كە پێویستە بە بەرپرسیاریەتییەوە ئەم ئەركە جێبەجێ بكەن و بابەتەكە لە ناو یەكەكاندا بكەنە تەوەری باس و گفتوگۆی كۆڕو كۆبوونەوەكان.

کاریگەریەکانی سۆشیال میدیا و بەرپرسیارێتی پێشمەرگە

تەکنەلۆژیا، ئینتەرنێت و بەتایبەتی تۆڕە کۆمەلایەتییەکان (وەک فەیسبووک، ئینستاگرام، تیکتۆک، سناپچات و ... هتد) لەم سەردەمەدا بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی مرۆڤ. کاریگەرییەکانیان وەک چەکێکی دوو سەر وایە؛ هەم دەتوانن ژیان زۆر ئاسان و پێشکەوتوو بکەن، هەم دەتوانن زیانی گەورە بە تاک و کۆمەلگاو دامەزراوەکان بگەیەنن. گرنگترین کاریگەری ئەوەیە کە سنوورە جوگرافیەکانی تێکشکاندووە. دەتوانیت لە چرکەیەکدا بە دەنگ و ڕەنگ پەیوەندی بە هەر کەسێکەوە بکەیت لە هەر شوێنێکی جیهان بێت.

تەکنەلۆژیا خۆی لە خۆیدا خراپ نییە، بەڵکو چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی دیاری دەکات کە ئایا دەبێتە نیعمەت یان نەهامەتی. بۆیە پێویستە فێر بین چۆن بەکاریبهێنن بەتایبەتی لە بواری سەربازیدا بووەتە بابەتێکی هەستیار. لە ئێستادا، جیهان بە قۆناغێکی هەستیاری شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاریدا تێدەپەڕێت، ئەمەش سروشتی ململانێ و جەنگەکانی بە تەواوی گۆڕیوە. سۆشیال میدیا چیتر تەنها ئامرازێك نییە بۆ کات بەسەربردن و پەیوەندی

کۆمەڵایەتی، بەڵکو گـۆڕدراوە بۆ گۆڕەپانێکی کـراوەی جەنگ. لەم هاوکێشەیەدا، مۆبایلە زیرەکەکانی دەستی هەر سەرباز و پێشمەرگەیەك، ئەگەر بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت، دەبێتە چەکێکی کوشندە بە ڕووی خۆی و هێزەکەیدا.

چەمکەکانی وەك (شـەڕی ڕاگەیاندن، جەنگی سایبەری، و هێرشی ئەلیکترۆنی) بوونەتە بەشێکی دانـەبـڕاو و کاریگەر لە ململانێی نێوان وڵاتان. بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەمە تەنها بابەتێکی تەکنیکی نییە، بەڵکو پرسێکی ستراتیژی و دیسپلینی سەربازییە. پاراستنی نهێنییەکان و خۆبەدوورگرتن لەو بۆسانەی دوژمن لە جیهانی مەجازیدا داینـاوە، پێویستی بە بەرزترین ئاستی وریایی هەیە.

ئەمڕۆ پێشمەرگە تەنها ئـەو کەسە نییە کە شـارەزای بەکارهێنانی چەکە، بەڵکو دەبێت خاوەنی تێڕوانینێکی سەربازیی و ئەمنی بێت کە توانای مامەڵەکردنی هەبێت لەگەڵ فشارەکانی جەنگی تەکنەلۆژیادا.

بۆ ئەوەی لەم جەنگە مۆدێرنەدا و بەتایبەتی لە بەرانبەر سۆشیال میدیا سەرکەوتوو بین، پێویستە پێشمەرگە وەك چۆن لە مەیدانی جەنگدا بەرگریکارێکی ئازایە، لە جیهانی تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیاشدا بەرگریکارێکی ژیر و هۆشیار بێت.

مانا و پێناسە

بە ئینگلیزی: (Social Media) سۆشیال میدیا.
بە کوردی: تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، پێگە کۆمەڵایەتیەکان.
بە عەرەبی: وسائل التواصل الاجتماعي.
سۆشیال میدیا زاراوەیەکی ئینگلیزییە و لە دوو وشە پێکهاتووە. وشەی سۆشیال واتە کۆمەڵایەتی، کە مەبەست لێی بوونی پەیوەندی و تێکەڵاوییە لەنێوان تاکەکاندا. وشەی میدیا واتە هۆکار یان ئامرازی گەیاندن، وەك رۆژنامە و تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت. کەواتە پێکەوە واتە هۆکارەکانی گەیاندنی کۆمەڵایەتی ، راگەیاندنی خەڵك یان میدیای کۆمەڵایەتی.

پێناسەی زانستی و تەکنەلۆژی

لە ڕووی زانستییەوە، سۆشیال میدیا یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بریتیە لە کۆمەڵێك کاری تەکنەلۆژیاو ئەنتەرنێت، تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئەپلێکەیشنی دیجیتاڵی. ئەم ئامرازە جیهانی کردووە بە گوندێکی بچووك و هەموو کەسێکی بەیەکەوە گرێداوە. ئەم تەکنەلۆژیایە ڕێگە دەدات پەیوەندییەکە دوو لایەنە بێت و بەکارهێنەر تەنها وەرگر نەبێت، بەڵکو خۆشی بتوانێت بابەت و پەیام دروست بکات و بڵاوی بکاتەوە.

جیاوازییە زانستییەکەی لەگەڵ میدیای ئاسایی وەك تەلەفزیۆن و ڕادیۆ و ڕۆژنامە ئەوەیە کە لەم میدیایانەدا پەیام لە یەك سەرچاوەوە بۆ زۆر کەس دەچوو، بەڵام لە سۆشیال میدیادا پەیام لە زۆر کەسەوە بۆ زۆر کەس ئاڵوگۆڕ دەکرێت و هەمووان بەشداری تێدا دەکەن.

پێناسەی کۆمەڵایەتی

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، سۆشیال میدیا بریتییە لە ژینگەیەک کە تێیدا مرۆڤەکان کۆمەڵگەی نوێ دروست دەکەن بەبێ گوێدانە سنوورە جوگرافییەکان.
پێناسە کۆمەڵایەتییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەم ئامرازە بریتییە لە پردی پەیوەندی بۆ دروستکردنی گفتوگۆ، دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ، پاراستنی پەیوەندی خزمایەتی و ئاڵوگۆڕکردنی کولتوور و دابونەریتە جیاوازەکان و ئاگاداربوونی بەرفراوان لە زانیاری و ڕووداوەکان. لەم ڕوانگەیەوە سۆشیال میدیا تەنها ئامێر نییە، بەڵکو شوێنێکە بۆ کۆبوونەوەی مرۆڤەکان و دەربڕینی هەست و سۆز و بۆچوونەکانیان بە ئازادی و دەستڕاگەیشتنیان بە زانیارییە جۆراوجۆرەکان.

گرنگی و کاریگەرییەکانی

١. خێرایی گەیاندن: هەواڵ و زانیاری لە چرکەساتێکدا لە نێوان ملیۆنان کەسدا بڵاو دەبێتەوە.
٢. دەسەڵاتی تاك: زەمینەی ڕەخساندووە بۆ ئەو کەسانەی پێشتر دەنگیان نەدەبیسترا و بەم هۆیەوە هەر کەسێك دەتوانێت ببێتە میدیاکار.
٣. بازاڕگانی: بووەتە گەورەترین بازاڕ بۆ کۆمپانیاکان بۆ ناساندنی کاڵاکانیان.
٤. کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی: دەتوانێت فشار دروست بکات و کاریگەری لەسەر حکومەتەکان هەبێت، یاسا دەربکات یان ڕای گشتی لەسەر بابەتێك دروست بکات.

سووده زانستی و کۆمەڵایەتییەکان:

١. فێربوون: هەزاران وانە و کۆرس و ڤیدیۆی فێرکاری بەخۆڕایی بەردەستن.
٢. تۆڕینەوە: ئاسانکاری بۆ توێژەران دەکات بۆ گەیشتن بە سەرچاوە و ڕاپرسی کردن.
٣. تۆڕبەندی پیشەیی: دەرفەتی کار و پەیوەندی لەگەڵ پسپۆڕانی بواره جیاوازەکان دەڕەخسێنێت.

٤. ئاگاداربووون له داهێنان: زانینی نوێترین داهێنانه زانستییەکان بە خێرایی.

سووده کۆمەڵایەتییەکان:

١. پەیوەندی: هێشتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ خزم و هاوڕێیان لە هەر شوێنێکی جیهان بن.

٢. دۆزینەوەی هاوبیرەکان: دۆزینەوەی کەسانی هاوبیر کە هەمان حەز و خولیایان هەیە.

٣. هۆشیاری و خێرخوازی: کۆکردنەوەی کۆمەك بۆ لێقەوماوان و بلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و ژینگەیی.

زیانە تەکنیکی ، تەندروستی و دەروونییەکان:

١. نەمانی نهێنی: زانیارییە کەسییەکانت لەوانەیە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە بفرۆشرێن یان هاك بکرێن.

٢. هەواڵی درۆ: بلاوبوونەوەی زانیاری هەڵە کە دەبێتە هۆی شێواندنی راستییەکان.

٣. ساختەکاری: زۆربوونی حاڵەتەکانی فێڵکردن و دزینی پارە و ئەکاونت.

٤. ئاڵوودەبوون: بەکارهێنانی زۆر دەبێتە هۆی ئاڵوودەبوون کە هاوشێوەی ئالوودەبوونە بە ماددە هۆشبەرەکان.

٥. کەمخەوی: تیشکی شاشەکان و سەرقاڵی دەبێتە هۆی تێکچوونی خەو.
٦. خەمۆکی و دڵەڕاوکێ: بەراوردکردنی ژیانی خۆت بە ژیانی ناڕاستی خەڵکی تر لە سۆشیال میدیا دەبێتە هۆی بێهیوایی.
٧. کێشەی چاو و مل: سەیرکردنی بەردەوام زیان بە بینین و بڕبڕەکانی مل دەگەیەنێت.

چۆن بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی سوودبەخش بێت؟

١. دیاریکردنی کات: رۆژانە کاتێکی دیاریکراو تەرخان بکە بۆ بەکارهێنانی و لەوە زیاتر بەکاری مەهێنە.
٢. هەڵبژاردنی پێگەو هاوڕێکانت: تەنها ئەو پەیج و کەسانە فۆڵۆ بکە کە زانیاری بەسوود و ئەرێنی و فێرکاری بڵاو دەکەنەوە و هەر شتێك بێزارت دەکات لایببە.
٣. دڵنیابوونەوە: هەر هەواڵێك دەبینیت باوەڕی پێ مەکە تا لە سەرچاوەی باوەڕپێکراو دڵنیا نەبیتەوە.
٤. بەرهەمهێنەر بە نەك بەکارهێنەر: هەوڵ بدە خۆت بابەت و پەیامی بەسوود دروست بکەیت نەك تەنها تەماشاکەر بیت.
٥. ژیانی راستەقینە: زیاتر گرنگی بدە بە دانیشتن لەگەڵ خێزان و هاوڕێکانت بەبێ مۆبایل.
٦. پاراستنی نهێنی: زانیاری زۆر تایبەتی و وێنەی خێزانی و شوێنی نیشتەجێبوون بڵاو مەکەرەوە.

شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گۆڕانی سروشتی جەنگ

شارەزایانی سەربازی و ستراتیژیستەکان بە کۆی دەنگ لەسەر ئەوە کۆکن کە فەزای ئەلیکترۆنی بووەتە مەیدانێکی سەرەکیی جەنگ، هاوشانی وشکانی و ئاسمان و دەریا. ئەم جەنگە نوێیە لە ڕێگەی دزەکردن بۆ ناو سیستەمەکان، لەناوبردنی ژێرخانی ئەلیکترۆنی و ناردنی ڤایرۆسی تێکدەرەوە بەڕێوە دەچێت. نموونەی دیار لەم بوارەدا ڤایرۆسی ستۆکسنێت بوو کە بەرنامەی ئەتۆمیی ئێرانی کردە ئامانج و بەپێی ڕای پسپۆڕان پرۆسەکەی بۆ ماوەی دوو ساڵ دواخست.

ئەمڕۆ ئامرازەکانی جەنگ هاوتەریب لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی و تەکنەلۆژی پەرەیان سەندووە. شەڕی ئەلیکترۆنی و میدیایی زۆرجار مەترسیدارترە لە شەڕە تەقلیدیەکان، چونکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ و ئاڵۆز لە نێوان تەکنەلۆژیا و میدیادا دروست بووە. میدیا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە دروستکردنی ترس و کۆنترۆڵکردنی ڕەفتارەکان بەتایبەتی لەچوارچێوەی سۆشیال میدیادا و لە ڕێگەی شێوازەکانی وەك شێواندنی زانیاری، زیادەڕەویکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست.

مەترسییە ئەمنییەکانی سۆشیال میدیا و مۆبایل

مۆبایلە زیرەکەکان بوونەتە گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی هێزە سەربازییەکان لە جیهاندا، ئەمەش لە ڕێگەی چەند خاڵێکەوە:

١. ئاشکرابوونی شوێنی جوگرافی:
گەورەترین مەترسی بریتیە لە دیاریکردنی شوێن. زۆربەی وێنە و ڤیدیۆکان کە بە مۆبایل دەگیرێن، داتای شاراوەیان لەگەڵدایە کە پێی دەوترێت مێتاداتا. ئەم داتایە شوێنی دیاریکراوی گرتنی وێنەکە بە وردی دەدات بە دەستەوە. کاتێک سەربازێک وێنەیەکی خۆی لە سەنگەرێکدا بڵاودەکاتەوە، دوژمن دەتوانێت بە بەکارهێنانی بەرنامەو ئەپڵیکەیشنی تایبەت شوێنەکە دەستنیشان بکات و بە تۆپخانە یان فڕۆکە بیکاتە ئامانج.

٢. دزەکردنی زانیاریی ئۆپەراسیۆنی:
هەندێک جار سەرباز بەبێ مەبەست زانیاری هەستیار دەدرکێنێت. نموونەی وەک نووسینی سبەی دەچین بۆ ئەرکێکی گرنگ یان داوای لێخۆشبوون دەکەم، چونکە دەچمە شوێنێکی مەترسیدار، ئەم ڕستە سادانە کاتی هێرش

و جولەی هێزەکان بۆ دوژمن ئاشکرا دەکەن و دەبنە هۆی ئاشکرابوونی ئۆپەراسیۆنەکان.

٣. شیکاریی وێنە بۆ زانیاری هەواگری:

دوژمن تیمێکی تایبەتمەندی هەیە بۆ چاودێریکردنی سۆشیال میدیا. وێنەیەك کە لە ڕواڵەتدا ئاساییە، دەکرێت زۆر شت ئاشکرا بکات، وەك جۆری چەکەکان، ژمارەی هێزەکە، ورەی سەربازەکان، جۆری ئۆتۆمبێلەکان و تەنانەت پلە و ناوی فەرماندەکان لە ڕێگەی باج و نیشانەی سەر شانەوە.

٤. داوی ئەلیکترۆنی و هەواگریی مرۆیی:

هەواگریی دوژمن ئەکاونتی ساختە بە ناوی کچ یان کەسایەتی سەرنجڕاکێش دروست دەکات بۆ نزیکبوونەوە لە سەربازان. لە ڕێگەی چات و پەیوەندییەوە، وردە وردە زانیاری نهێنی لە سەربازەکە وەرگرن یان توشی هەڵەی ئەخلاقی دەکەن و دواتر وەك کارتێکی فشار بۆ سیخوڕیکردن بەکاری دەهێنن.

دەرەنجامە خراپەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی ئەرکی سەربازیدا

١- بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی ئەرکی فەرمیدا هۆکارە بۆ لاوازبوونی ئاستی وریایی و لادانی سەرنج لەسەر ئەرکە سەرەکییەکان، ئەمەش مەترسیەکی جددی لەسەر گیانی سەرباز و سەلامەتی سەنگەرەکە دروست دەکات.

٢- کارپێکردنی ئەپڵیکەیشنەکان و هێڵەکانی ئینتەرنێت دەبێتە هۆی دەستنیشانکردنی شوێنی جوگرافی هێزەکان و ئاشکرابوونی نەخشەی دابەشبوونیان بۆ دوژمن، کە ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەی ئەمنییە.

٣- وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی دیمەنی ناو سەنگەر و دەوروبەری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا مەترسیدارە، چونکە نهێنیی شێوازی سەنگەرسازی و پلانی بەرگری بۆ دوژمن ئاشکرا دەکات.

٤- وێنەگرتنی چەك و کەرەستە سەربازییەکان بە هەموو شێوەیەك کارێکی هەڵەو زیانبەخشە، چونکە جۆر و توانای سەربازی هێزەکە دەخاتە ڕوو و زانیاری هەستیار دەداتە دەست دوژمن.

٥- گرتنی وێنەی بەکۆمەڵ لەناو سەنگەر و بارەگاکانی پێشمەرگەدا نادروستە، لەبەر ئەوەی ژمارە و قەبارەی هێز

و ئاستی ئامادەباشی مرۆیی یەکە سەربازییەکان ئاشکرا دەکات.

٦- کردنەوەی پەخشی راستەوخۆ یان لایف لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکاندا لە کاتی ئەرکی فەرمی و زیاتریش لەکاتی ئۆپەراسیۆن و جەنگدا کارێکی نایاساییە و دەکەوێتە خانەی دزەپێکردنی زانیاریی هەوالگرییەوە.

٧- لە کاتی رووداتی هەر دۆخێکی نەخوازراو یان شەڕدا، بلاوکردنەوەی ئاماری شەهید و بریندارەکان بە شێوەی تاکەکەسی قەدەغەیە. ئەم کارە تەنها لە دەسەلاتی وەزارەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانیدایە و بلاوکردنەوەی ناڕەسمی کاریگەری نەرێنی لەسەر وەرەی هێزەکان و کۆمەلگاش دەبێت.

چۆنێتی خۆپاراستن و بەکارهێنانی دروست

بۆ ئەوەی پارێزراو بیت و نەبیتە هۆکاری زیان بۆ خۆت و هاوسەنگەرانت، ئەم هەنگاوانە پەیڕەو بکە:

١. کۆژاندنەوەی خزمەتگوزاریی شوێن:
پێش ئەوەی بچیتە ئەرك یان بەرەکانی جەنگ، دەبێت لە رێکخستنی بەرنامەکانی مۆبایلەکەتەوە خزمەتگوزاری دیاریکردنی شوێن یان لۆکەیشن بۆ کامێرا و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بکوژێنیتەوە.

٢. دواخستنی بڵاوکردنەوە:
هەرگیز وێنە و ڤیدیۆ لە کاتی رووداو یان لە کاتی ئەرکدا بڵاو مەکەرەوە. چاوەڕێ بکە تا ئەرکەکە تەواو دەبێت و دەگەڕێیتەوە شوێنێکی ئارام، ئینجا ئەگەر رێگەپێدراو بوو بڵاوی بکەرەوە. بڵاوکردنەوەی راستەوخۆ دیاریەکە بۆ دوژمن.

٣. پاککردنەوەی وێنەکان:
پێش بڵاوکردنەوەی هەر وێنەیەك، دەبێت دڵنیا بیتەوە کە پاشخانەکەی هیچ نیشانەیەکی دیاری تێدا نییە وەك شاخێکی ناسراو، تابلۆیەك، یان بینایەکی دیار. هەروەها

نابێت چەکی قـورس، نەخشەی سـەربـازی، یـان شاشەی کۆمپیوتەر و ئامێرە بێتەلەکان لە وێنەکەدا دەرکەوتبن.

٤. پاراستنی نهێنیی خێزان و هاوڕێیان:

زانـیـاری کەسی خـۆت و خێزانەکەت بە دوور بگرە لە پرۆفایلی گشتی. دوژمن دەتوانێت خێزانەکەت وەك خاڵی لاواز بەکاربهێنێت بۆ فشار خستنە سەرت.

٥. وریابوون لە ئەکاونتی نەناسراو:

هەرگیز داوای هاوڕێیەتی لە کەسێك قبووڵ مەکە کە ناینـاسیت، تەنانەت ئەگەر وێنەی پرۆفایلەکەی زۆر سەرنجڕاکێشیش بوو. لە چاتکردندا هەرگیز باسی شوێن و ئەرك و چەك مەکە.

سیاسەتی سوپای ولاتان قەدەغەکردن یان ڕێکخستن؟

چارەسەر قەدەغەکردنی تەواوەتی نییە، چونکە سۆشیال میدیا بۆ پەیوەندی لەگەڵ خێزان و کەسوکارو پەرەدان بە زانیاری گرنگە. بۆیە چارەسەر لە ڕێکخستن و دانانی یاسای تونده.

١. ئەمریکا و بەریتانیا: ڕێنمایی (بکە و مەکە) یان هەیە. جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە سەرباز دەبێت هەمیشە وەك کەسێکی پیشەیی ڕەفتار بکات و سزای توند بۆ هەر کەسێك دادەنرێت کە زیان بە ناوبانگی سوپا بگەیەنێت.

٢. ڕووسیا: هەڵگرتنی مۆبایلی زیرەك و قسەکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان قەدەغەیە.

٣. هیندستان: لەناو سوپاکەیدا بەکارهێنانی ٨٩ ئەپڵیکەیشن و پێگەی سۆشیال میدیای قەدەغە کردووە، لەنێویاندا فەیسبووك و ئینستاگرام.

٤. ئیسرائیل: بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ کارمەندانی هەواڵگری و فڕۆکەوانان بە تەواوی قەدەغەیە.

ئەزموونی سوپای ولاتان

ماوەیەکە (چەمکی چەکدارکردنی سۆشیال میدیا) بووەتە دەستەواژەیەکی فەرمی ولاتان و ناوەندە زانستی و میدیایی و سەربازییەکان. واتای ئەم چەمکە بریتییە لە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلایەتیەکان وەک ئامرازێك بۆ شەڕ و بەرگری، بۆ گۆڕینی رای گشتی، بۆ ئاراستەکردنی پلان و پرۆسە سەربازی و سیاسییەکان لەپێناو ئامانجێکی سیاسی، ئایدیۆلۆژی یان سەربازی دیاریکراو.
بەڵام تایبەت لەرووی سوپای ولاتانەوە بەگشتی بایەخێکی زۆر بە پرۆسەکانی ئەلیکترۆنی و بەتایبەتی سۆشیال میدیا دەدرێت، کە شێوازی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا لەلایەن سوپاکانەوە دەکرێت بەگشتی لەم چواچێوەیەدا چڕبکەینەوە:

١. جەنگی دەروونی: سوپاکان ڤیدیۆی وردبینی بۆردومانەکان، دەستگیرکردنی سەربازانی دوژمن، یان وێرانکارییەکانی لایەنی بەرامبەر بڵاودەکەنەوە بۆ ئەوەی ترس لە دڵی سەربازان و خەڵکی ولاتی دوژمندا دروست بکەن. هەروەها بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆی مانۆڕە سەربازییەکان و چەکە

نوێیەکان بۆ ئەوەی پەیامی (ئێمە بەهێزین) بە جیهان بدەن.

٢. وەرگرتنی سەرباز و بانگەشە: زۆربەی سوپاکانی وەك (ئەمریکا، بەریتانیا، چین) لە پلاتفۆرمەکانی وەك ئینستاگرام، تیکتۆك و یوتیوب چالاکن. ئەوان ڤیدیۆی سەرنجڕاکێش و حەماسی دروست دەکەن کە ژیانی سەربازی وەك سەرکێشی و قارەمانێتی نیشان دەدات، تا گەنجان هان بدەن پەیوەندی بە سوپاوە بکەن.

٣. کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵگری: سوپاکان تیمێکی تایبەتیان هەیە بۆ چاودێریکردنی سۆشیال میدیا، لە رێگەی پۆست و وێنەی سەربازانی دوژمن یان هاوڵاتیانەوە، شوێنی بنکە سەربازییەکان، جۆری چەکەکان و جوڵەی هێزەکان ئاشکرا دەکەن.

٤. کۆنترۆڵکردنی ڕای گشتی و گێڕانەوەی ڕووداوەکان: لە کاتی جەنگدا، هەر لایەنێك هەوڵ دەدات خۆی وەك ڕاستگۆ و پارێزەر نیشان بدات.

٥. سوپاکان خێرا زانیارییەکان بڵاودەکەنەوە بۆ ئەوەی رێگری بکەن لە بڵاوبوونەوەی پڕوپاگەندەی دوژمن. هەروەها هەندێك جار هەواڵی چەواشە بڵاودەکەنەوە بۆ سەرلێشێواندنی دوژمن.

٦. پەیوەندیە گشتیەکان: بۆ ئەوەی وێنەی سوپاکە لای

خەڵك جوان بكەن، چالاكیە مرۆییەكان بڵاودەكەنەوە، وەك هاوكاریكردنی خەڵك لە كاتی كارەساتە سروشتیەكان (بوومەلەرزە و لافاو) یان دابەشكردنی خۆراك.

٧ . ئاسایشی ئۆپەراسیۆنەكان و مەترسیەكان: لەبەر ئەوەی سۆشیال میدیا مەترسیە، سوپاكان زۆرجار یاسای توند دەردەكەن و مۆبایلی زیرەك لە سەربازەكان قەدەغە دەكەن لە بەرەكانی پێشەوەی جەنگ، چونكە سیگنالّی مۆبایل و وێنەكان دەبنە هۆی كوژرانیان لەلایەن دوژمنەوە.

بڕیار و ڕێنماییەکانی وەزارەتی پێشمەرگە

وەزارەتی پێشمەرگە بەردەوام چاودێری و هەڵوەستەی لەسەر ئەم پرسە لەچوارچێوەی کەرتی سەربازی لە هەرێمی کوردستان کردووەو فەرمان و ڕێنمایی پێویستی لەبارەوە گشتاندووە بۆ سەرجەم یەکەکان. دوا فەرمانیش کە لەبارەی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سۆشیال میدیا و سنوورە سەربازییەکانی ئەم بوارە لەناو یەکەکان و دەرەوەی یەکە سەربازییەکانیشی دیاریکردووە و لایەنی پەیوەندیداری وەزارەتی بۆ جێبەجێکردن و چاودێری و بەدواداچوون ڕاسپاردووە. ئەمەش دەقی دوا فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگەیە:

فەرمان وەزاری ژمارە (٦٠) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٥/١/٦

لەپێناو پاراستنی ئاسایشی سەربازی هێزەکانی پێشمەرگە (ئاسایشی تاکەکان – ئاسایشی بنکە و بارەگا سەربازییەکان – ئاسایشی زانیاری) وە بۆ ڕاگرتنی ئەو دیاردە نەگونجاو و ناشارستانی و نادروستانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و سۆشیال میدیا کە ڕۆژانە بڵاو دەکرێتەوە و کە بەهەموو شێوەیەك زیان بە بڵاوبونەوەی زانیاریەکان و سومعەی دەزگا سەربازییەکان دەگەیەنێت کە دوژمن بە ئاسانترین شێوە سوودی لێ دەبینێت وەکو زانیاری ئەمنی بەکاریان دەهێنێ، بۆ ئەو مەبەستە بڕیارماندا بە:

١. قەدەغەکردنی هەموو جۆرە پۆست و بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە نمایش و خۆدەرخستن و ڕیکلامێك و بڵاوکردنەوەی هەموو شێوەیەکی چالاکی کەسی ئەفسەر و فەرماندە و پێشمەرگە بە جل و بەرگی سەربازی و لە بنکە و بارەگا سەربازیەکاندا، کە زیان بە شکۆ و کەسایەتی فەرماندە و ئەفسەران و کارمەندانی وەزارەتمان دەگەیەنێت. هەر بۆیە تەنها لەڕێگەی ماڵپەڕی فەرمی وەزارەتی پێشمەرگە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی هۆشیاری و ڕاگەیاندنی

نیشتیمانیەوە بەڕێوەدەچێت و ڕێگە پێدراوە کە چالاکیە فەرمیەکانی وەزارەتـی پێشمەرگە بلاو بکاتەوە. بۆیە پێویستە هەموو لایـەک پابەندبن بە بڕیار و ڕێنمایی وەزارەتمان و ئەو دیاردە ناشارستانی و نەگونجاوانە بەدوور بخرێتەوە لە ئاداب و ڕەوشتی جوانی پێشمەرگە.

٢. قەدەغەکردنی هەموو جۆرە تەشهیر و ناو زڕاندنێک کە لە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان و سۆشیال میدیاوە بەرامبەر بە هەر کەسێک بکرێت جا بە هەر شێوەیەک بێت (پۆست کردن یاخود کۆمێنتی نەشیاو و نەگونجاو یاخود وێنە بلاوکردنەوە) بەپێچەوانەوە ئەنجامدەرانی بەتوندترین سزای یاسایی لێپێچینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و دەدرێتە دادگای سەربازی.

٣. ئەنجامدانی ئەو کارانە قەدەغەیە کە لە خاڵی (١و٢) سـەرەوەدا هاتووە بە هەموو شێوەیەک هەر فەرماندە و ئەفسەر و پێشمەرگەیەک بـەدەر لەو ڕێنماییەی کە لە فەرمانەکەدا هاتووە ئەنجامیان بدات ئەوا سزای یاسایی دەدرێـت و پێویستە هـەردوو بـەڕێوەبـەرایـەتـی گشتی ڕاگەیاندن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەواڵگری پێشمەرگە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگا ئەمنیەکان بە دواداچون بکەن بۆ پەیجە فەیک و نادیارەکان کە سووکایەتی بەناو ناوبانگی پێشمەرگە و فەرماندە سەربازیەکان دەکات، ئەگەر کەسانی

سەربازی بن بە پێی یاسای سزادانی سەربازی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و ئەگەر کەسانی مەدەنی بن لە ڕێگەی فەرمانگەی یاسایی وەزارەتی پێشمەرگە سکاڵای یاساییان لەسەر تۆمار دەکرێت.

بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ پێشمەرگە

پێشمەرگە دەبێت وریا بێت؛ دوژمنانی کوردستان و گروپە تیرۆریستیەکان چاودێری وردی سۆشیال میدیا دەکەن.
جاران دەنگۆیەك رۆژانێکی دەویست تا بڵاوبێتەوە، ئێستا بە چرکەیەك دەگاتە هەمووماڵێك. دوژمن دەنگۆی کەموکوڕییەك، یان دواکەوتنی مووچە بەکاردەهێنێت بۆ شێواندنی کەسایەتی و تێکدانی وەرەی پێشمەرگە.
پێشمەرگە دەبێت بزانێت کە مۆبایلەکەی دەستی، ئامێرێکی گوێگرتن و شوێنهەڵگرتنی دوژمنە. نابێت بە هیچ شێوەیەك وێنەی سەنگەر، چەك، نەخشەی سەربازی، یان کاتی جووڵەی هێزەکان لە سۆشیال میدیا بڵاوبکرێتەوە. لایك و کۆمێنتی تۆ لەسەر پۆستە سەربازییەکان، دەکرێت زانیاری بداتە دوژمن دەربارەی بیرکردنەوە و شوێنی تۆ.
هەموو ئەفسەرو پێشمەرگەیەك دەبێت هۆشیاری یاسایی هەبێت، پێویستە هەمووان ئاگاداری یاساکانی سزای سەربازی بن.
بەکارهێنانی سۆشیال میدیا بۆ بڵاوکردنەوەی نهێنی و رێکارەکانی نێوخۆی سوپا، ناوهێنانی فەرماندەکان بە خراپی، یان بڵاوکردنەوەی وتەو هەڵوێستی ناسەربازی و نانیشتمانی، تاوانە و لێپرسینەوە، سزای تۆندی لەسەرە.

دوا رێنمایی

لە بواری سەربازی و لە جەنگی ئەمڕۆدا، پێشمەرگە تەنها ئەو قارەمانە نییە کە لە سەنگەرەکاندا چەک بەکاردەهێنێت، بەڵکو هۆشیاری پێشمەرگەش لەژێر تاقیکردنەوەیەکی گەورەدایە. شۆڕشی زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (فەیسبووک، تیکتۆک، ئینستگرام و سناپچات و ... هتد) وایکردووە کە دوژمن بتوانێت لە رێگەی مۆبایلێکی زیرەکەوە دەستی بگاتە ناو قوڵایی سەنگەرەکانمان. مۆبایلێک دەتوانێت شوێنی سەنگەرێک ئاشکرا بکات، یان نهێنیی جوڵەی هێزێک بدات بە دەستەوە، یان لە رێگەی شەڕی دەروونییەوە وردی پێشمەرگە و خەڵک دابەزێنێت.
سەرکەوتنمان لە ئەرکە پیرۆزەکەماندا تەنها بە چەک و تەقەمەنی مسۆگەر نابێت، بەڵکو پەیوەستە بەوەی کە چەندە بە هۆشیارییەوە تەکنەلۆژیا و میدیا بەکار دەهێنین. سۆشیال میدیا چەکێکە ئەگەر بە هۆشیارییەوە بەکاری نەهێنیت، لووڵەکەی ڕوو لە خۆت دەکاتەوە. باشترین سەرباز ئەو کەسەیە کە نهێنییەکانی دەپارێزێت، نەک ئەوەی زۆرترین لایکی هەیە. با هەموومان بە باڵاترین ئاستی بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە بکەین بۆ پاراستنی گیانی خۆمان، هاوسەنگەرانمان و خاک و خەڵک و قەوارەکەمان.

لە کۆتاییدا، بۆ ئەوەی ئەم زانیای ، رێنمایی و هۆشیارییە بگاتە هەموو ئەفسەر، پێشمەرگە، بارەگاو سەنگەرێك ، پێویستە ئەفسەری هۆشیاری راوێژ لەگەڵ فەرماندەکەی بکات، دواتر سەردانی مەیدانی بۆ ناو بارەگاو سەنگەرەکانی یەکەکان ئەنجامبدەن و لە کۆڕو کۆبوونەوەدا ناوەڕۆکی نامیلکەکە بۆ ئەفسەران و پێشمەرگەکان شیبکرێتەوە.

پێشمەرگە نازیزەکان .....

ئاسایشی زانیاری یەکەمین هێڵی بەرگرییە لە جەنگی ئەمڕۆدا

***

هۆشیاریی تۆ لە سۆشیال میدیا کەمتر نییە لە ئازایەتیت لە سەنگەردا

***

پاراستنی نهێنییەکان پاراستنی گیانی هاوسەنگەرانتە

***

شاشەی مۆبایلەکەت مەکە بە پەنجەرەیەکی کراوە بەڕووی دوژمندا

***

پێشمەرگەی ژیر وێنەی سەنگەر و نهێنییەکانی هێزەکان بلاو ناکاتەوە

***

مۆبایلەکەت چەکێکە وریای لوولەکەی بە کە ڕووی لە کێیە

***

شکۆی پێشمەرگە و نهێنییەکانی نیشتمان لە سەروو هەموو لایك و کۆمێنتەکانە

***

دوژمن له پشت شاشەکانەوە بۆ هەڵەی تۆ دەگەڕێت وریابە

***

دیسپلینی سەربازی لە ناو مۆبایلەکەتەوە دەست پێ دەکات پارێزگاری لێبکە

***

پێشمەرگەی هۆشیار نابێتە بەشێك لە جەنگی دەروونی و دژ بە هێزەکەی خۆی و بلاوکردنەوەی پروپاگەندە بۆ دوژمن

***

هەر وێنەیەك بلاوی دەکەیتەوە دەبێتە زانیاری بۆ دوژمن وریابە هەنگاوەکانت بە زانیاری بپارێزە

***

پاراستنی خاکی کوردستان بە پاراستنی زانیارییەکان دەست پێ دەکات

بۆیە وەك پارێزەری خاك پارێزەری زانیاری بە

تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا وەک چەکێکی دوو سەر لە ژیانی نەمرۆدا رۆڵ دەگێڕن و جیهانیان کردووەتە گوندێکی بچووک. ئەم پێشکەوتنە لە ئێستادا شێوازی جەنگەکانی گۆڕیوە و سۆشیال میدیای کردووەتە گۆڕەپانێکی نوێی ململانێ. بۆ هێزە سەربازییەکان و بەتایبەت پێشمەرگە، بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک و هۆشیاری لە جیهانی مەجازیدا بووەتە بەشێکی گرنگ لە دیسپلین و پاراستنی نهێنییەکان. بۆیە پێویستە پێشمەرگە لە پاڵ ئازایەتی مەیدانی، لە ڕووی تەکنەلۆژی و ئەمنییەوە وریای پیلانەکانی دوژمن بێت و بە ژیری مامەڵە لەگەڵ ئامرازە نوێیەکان بکات تاوەکو لەم جەنگە مۆدێرنەدا سەرکەوتوو بێت.

بڵاوکراوەی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
بەڕێوەبەرایەتی هۆشیاری نیشتمانی
بەشی/ سەنتەری هۆشیاری